گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ی ژووروودا لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و مینیماڵ پرۆگرام

**پ.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

بەشی کوردیی- کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی

abduljabar.maroof@universal.iq

**م.د.تریفە محەمەد فەرەج**

بەشی کوردیی -کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی گەرمیان

trefa.mohamed@garmian.edu.krd

## پوختە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ی ژوروودا لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانە و مینیماڵ پرۆگرام)ە، کە تێیدا بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان و مینیماڵ پەیوەست بە ئەرگەتیڤەوە روون ئەکرێتەوە، ئامانج لێی خستنەرووی بنەماکانی تیۆرییەکەیە لە زارەکەدا. بێگومان ئەرگەتیڤ وەك لایەنێکی سینتاکسیی و رێزمانیی بەشێکی گرنگی سینتاکس (رێزمان)ی ئەو زمانانەیە، کە پێڕەوی ئەرگەتیڤییان هەیە، بێگومان زمانی کوردیی(زاری کرمانجیی ی ژوروو)، کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، پێشووتر لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە و لەناو لێکۆڵینەوەکانیشدا بۆچوونی هەمبەر و پێچەوانە خراونەتەروو، لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی ئەم لایەنە رێزمانییەو دیدو تێڕوانینی نوێ بۆ ئەم لایەنە ئەخاتەروو، توێژینەوەکە لە سەر کۆمەڵێك پرسیارو گریمانە بنیاتنراوە، کە ئەوانیش بریتیین لەوەی، کە ئایا مۆرفیمەکانی (ی،ێ) لە زارەکەدا نیشانەی دۆخی مۆرفۆلۆژیین؟ یاخود نیشانەی ئەرگەتیڤیین؟ لەبەرئەوەی سەرچاوەی دروستبوونی ئەم بۆچوونە هەمبەرییەیش لەناو زمانەوانانەدا بۆ هەبوونی ئەم مۆرفیمانەن و دەرکەوتنیان لەسەر بەشێك لە فرێزەکانی ناو رستە لە زارەکەدا. لەبەرئەوە توێژینەوەکە ئەو گریمانەیە ئەخاتەڕوو، کە لە زارەکەدا مۆرفیمەکانی(ی،ێ) مۆرفیمی تایبەت بە دۆخ، هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئەوە روون ئەکرێتەوە، کە لێکۆڵینەوە لە بابەتی ئەرگەتیڤ لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێنان بنەماکانی هەریەك تیۆرەکانی دۆخ و حوکمکردنی فرێزە کردارییەکان لە کردارە تێپەڕەکاندا بریندار ئەکات. لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی رێبازی پەسنی شیکاریی ئەکرێت، بەڵام لە هەندێك شوێندا رێبازی تری وەك بەراوردی بۆ جێگیرکردنی گریمانەکەو وەڵامەکانی پرسیاری توێژینەوەکە بەکار ئەهێنرێت. هەروەها توێژینەوەکە دابەش ئەبێت بۆ دوو بەش لە بەشی یەکەمدا بەپێی بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان ئەم بابەتە ئەخرێتەروو لەگەڵ خستنەرووی هەردوو چەشنی سیستمی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی و سیستەمی ئەرگەتیڤی، پاشان لە بەشی دووەمدا ئەرگەتیڤ بەپێی بنەماکانی مینیماڵ روونئەکرێتەوە و تایبەتمەندییەکانی زمانە ئەرگەتیڤییەکان ئەخرێتەروو، نموونەو بەڵگەکانی توێژینەوەکە لە زاری کرمانجیی ژوروو ئەهێنرێتەوە، لە هەندێك شوێندا وەك بەڵگە هێنانەوە بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە نموونە لە زمانەکانی تر وەرئەگیرێت، لەوانە زمانەکانی (رۆمانی،باسك،دێربالی).

**کلیلەوشەکان: ئەرگەتیڤ، نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی، ئەرگەتیڤی شەقبوو.**

Recieved: 29/6/2024
Accepted: 17/7/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ژوروودا لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانە و مینیماڵ پرۆگرام)ە، ئەرگەتیڤ دۆخێکی ڕێزمانییە، کە پەیوەندیدارە بە بکەری کردارەکانی ڕابردووی تێپەڕ. (ئەحمەد، مزگین عەبدلرەحمان) وەك دیاردەیەکی سینتاکسیی بەپێی بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام لە بەشێکی زمانەکاندا بوونی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی تایبەتمەندییەکانی زمانە ئەرگەتیڤییەکان و تایبەتمەندیەکانی زاری کرمانجیی ژوروو بەپێی بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان و پاشان خستنەرووی بنەماکانی ئەرگەتیڤ و جێبەجێکردنی لە سەر زارەکە. هەرچەندە پێشووتر ئەم بابەتە وەك بابەتێکی ڕێزمان-سینتاکسی لە زمانی کوردیی-زاری کرمانجیی ژوروو لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، بەڵام، تاوەکو ئێستا بنەماکانی کارکردنیان بۆ خوێنەر ڕووننەکردووەتەوە، واتا لێکۆڵینەوەکان پەیوەست نەکراون بە بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان و مینیماڵ پرۆگرام. جگە لەوە مۆرفیمەکانی (ی،ێ) بۆ بەشێك لە زمانەوانان بە نیشانەی دۆخی(نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤ)ە، لە بەرامبەریشدا بەشێکی تری زمانەوانان وەك نیشانەی ئەرگەتیڤی هەژمار ئەکەن. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هەوڵ ئەدات بنەماکانی ئەرگەتیڤ بەپێی هەریەك لە تیۆری بەرهەمهێنان و مینیماڵ پرۆگرام بخاتەروو. بۆ خستنەرووی ناوەرۆکی توێژینەوەکە، پەیڕەوی ڕێبازی پەسنی شیکاریی کراوە، بەڵام لە هەندێك شوێندا بەپێی پێویستی توێژینەوەکە سوود لە ڕێبازی بەراوردیی وەرگیراوە. ئەوەش بە مەبەستی سەلماندنی گریمانە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە. توێژینەوەکە دابەش ئەبێت بۆ دوو بەش بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆریی ئەرگەتیڤ، لێکدانەوەی لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێناندا و تایبەتمەندییەکانی زمانە ئەرگەتیڤیەکان، بەشی دووەمیش پراکتیزەکردنی ئەرگەتیڤە لە زاری کرمانجیی ژوروودا بەپێی بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام.

### ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ی ژوروودا بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

١-١:ئەرگەتیڤ:

ئەرگەتیڤ وەك زاراوەیەکی بواری سینتاکس لە نێوان زمانەواناندا مشتومڕیی لێکەوتۆتەوە و وەك دیاردەیەکی سینتاکسیی لە چوارچێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا لێیکۆڵراوەتەوە، لەبەرئەوەی لە سەرەتای قوتابخانەی بەرهەمهێناندا زمانەکان بە گشتیی لە چەشنی(NomC-AcC)بوون، بەڵام لە چوارچێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا ئەم بۆچوونە گۆڕانی بە سەردا هات و بەپێی بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام زمانەکانی دنیا بە سەر دوو دەستەدا دابەشبوون ئەوانیش:

(Nominative-Accusative)بکەریی-بەرکاریی

**ئەرگەتیڤ**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵئەدرێت هەردوو ڕوانگەکە لە زاری کرمانجیی ژوروودا ڕوون بکرێتەوە. بۆ ئەمەش سەرەتا بنەماکانی بەرهەمهێنان ڕوونئەکرێتەوە و پاشان ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ژوروودا بەپێی مینیماڵ پرۆگرام ئەخرێتەروو.

بنەمای جیاوازییەکەش بۆ جیاوازیی هەڵسوکەوتی بکەرە لە تافی ڕابردووی کرداری تێپەڕ لەگەڵ بکەر لە تافی ڕانەبردووی تێپەڕو بکەری کرداری تێنەپەڕ، وەکیەکیی لەگەڵ بەرکار لە تافی ڕانەبردوو ئەگەڕێتەوە. لە زمانەکانی چەشنی یەکەم(بکەری تێنەپەڕ و بکەری تێپەڕ لە تافی ڕابردوو، ڕانەبردوودا) یەك هەڵسوکەوت ئەنوێنن. لە

بەرامبـەردا بـەرکار ڕەفتـاری جیـاواز ئەنوێنێت.(ئەحمەد،مزگیـن عەبدلرەحـمان،٢٠٠٦: ٣٢) ئەمـەش بەخشـکەیی ئـەوە ئەگەیەنێـت، کـە لـەو زمانانـەدا نیشـانەکردنی دۆخیـان مۆرفۆلۆژییانـە بـە مۆرفیـم هەیـە بەهـۆی نیشـانەی جیـاوازەوە جـۆری دۆخـەکان لـە ڕستەدا جیـا ئەکرێتـەوە. لـە هێڵکاریـی(١،ا-ب) هـەردوو سیسـتەمەکە ئەنوێنێـت:




هێڵکاریی(١-ا)سیستەمی دۆخی(نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی) و (١-ب)سیستەمی ئەرگەتیڤی ئەنوێنێت. لە پارەکانی دواتردا هەردوو شێوازەکە ڕوونئەکرێتەوە.

لـە زاری کرمانجیـی ژوروودا بەهـۆی هەبوونـی هەندێـک نیشـانەی مۆرفۆلۆژییانـە، بـۆ نموونـە وک مۆرفیمەکانـی(ی،یَ) دوو بۆچوونـی جیـاواز لـە نێـوان زمانەوانەکانـدا خراونەتـەروو، بـەوەی کـە بەشـێکیان بـە نیشـانەی دۆخی(نۆمینەتیڤـی_-ئەکوزەتیڤی)بەشـێکی دیکەیـان بـە نیشـانەی ئەرگەتیڤـی هەژمـار ئەکـەن. (بیشـڕوانە،محەمەد،فەرەیدوون عەبـدول-قادر،عـادل ڕەشـید،٢٠١٣ ، ڕەشـید، طـە ڕەحیـم،٢٠١٥) سـەبارەت بـە بۆچوونـی یەکـەم، بەهـۆی ئـەوەی مۆرفیمەکانـی (/ی/،/یَ/) لـە جێکەوتـەی بکـەر و بـەرکار هەمـان نواندنیـان هەیـە، هەربۆیـە گریمانـەی ئـەوە ئەکرێـت، کـە ئـەم مۆرفیمانـە وەك سـەری ئەرکیـی فرێـزی دیارخەریـی بەرهەمبهێنـن و دەرکەوتنیـان لـەو جێکەوتانـەدا بەشـێوەی شەقبوو-سـپلیت ئەبێت.(بڕوانە:فەرەج،تریفـە محەمـەد،٢٠٢٤)

١-١-١:سیستەمی نۆمینەتیڤیی-ئەکوزەتیڤیی لە زاری کرمانجیی ژوروودا :

لـەم چەشـنەدا بکـەری کـرداری تێپـەڕو تێنەپـەڕ یـەك هەڵسـوکەوت ئەنوێنـن، لـە بەرامبـەردا بـەرکاری کـرداری تێپـەڕ هەڵسـوکەوتی جیـاوازە. ئەمـەش لـە تیـۆری دۆخ بـە دۆخـی ئەکوزەتیڤـی ئامـاژەی بـۆ ئەکرێـت. بڕوانـە هێڵکاریـی(١-ا) هەرچەنـدە لێکۆڵینـەوەکان لـە زاری کرمانجیـی ژورووددا ئامـاژە بـە سیسـتەمی ئەرگەتیڤیـی ئەکـەن و بـە بەشـێکی گرنگـی ڕێزمانیـی زارەکـەی هەژمـار ئەکـەن، بـەڵام بەپێـی بنەماکانـی تیـۆری دۆخ لـە چوارچێـوەی تیـۆری بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە، گریمانـە ئەکرێـت لـە زارەکـەدا پەیـڕەوی سیسـتەمی دۆخـی نۆمینەتیڤـی_-ئەکوزەتیڤـی بـکات و چەشـنی نیشـانەکردنی دۆخەکـەش لـە جـۆری مۆرفۆلۆژیـی بـە مۆرفیـم نەبێـت، واتـا مۆرفیمەکانـی (ی،یَ) تایبـەت نیـن بـە نیشـانەکردنی دۆخی(نۆمینەتیڤـی_-ئەکوزەتیڤی)لـە زارەکـەدا. لەبەرئـەوەی هەمـوو جێکەوتەکانـی ڕسـتە (بکـەر، بـەرکار، تەواوکـەر) پێویسـتە خاوەنـی دۆخ بـن و لـە لایـەن توخمێکـی دۆخـدەرەوە دۆخیـان پـێ بدرێـت. (بڕوانە:فـەرەج، تریفـە محەمـەد،٢٠٢٤) ئەوەیشـی، کـە ئـەم گریمانەیـە جێگیـر ئـەکات نەمانـی دەسـەڵاتی دۆخپێدانـی ڕەگـی کـردار لـە کـرداره تێپەڕەکانـدا. لەمەشـەوە گریمانـەی دانانـی مۆرفیمەکانـی (/ی/،/یَ/) بـە دیارخـەری تایبـەت بـە جێنـدەر بەهێزتـر ئەبێـت، کـە وەك دیارخـەری جێنـدەر (determiner) ئەرکیـان دەرخسـتن و نیشـانە کردنـی جێنـدەری فرێـزە ناوییەکەیـە لـە سینتاکسـدا، ئەبـن بـە تەواوکـەری پرۆژەکـە.

بەپێـی بنەماکانـی تیۆرەکـە و لـە چوارچێـوەی هـەردوو تیـۆری دۆخ(Case)ئێکـس بـار (X bar)دا سـەری دۆخـدەر و سـەری حوکمکـەر جیاکراونەتـەوە بـە جۆرێـک توخمەکانـی(N,A,P,V٠) سـەری دۆخـدەرن و لـە چوارچێـوەی ڕستەدا دۆخ بـە تەواوکەرەکانیـان ئـەدەن. هەروەهـا ڕەگ(V٠)یـش یەکێکـە لـە توخمـە فەرهەنگییـە دۆخـدەرەکان و لـە کـرداره

تێپەڕەکاندا هەڵگری دۆخی نۆمینەتیڤییە بۆ بەرکاری رستەکە، لە رستەدا دۆخەکەی بەهۆی بەرکارەوە بەتاڵ ئەکاتەوە. بێدەسەڵاتکردنی (V۰) لە سیستەمی ئەرگەتیڤییدا لەگەڵ بنەماکانی تیۆری(Case) و (X bar)دا نێوان دژیی و هەمبەریی دروست ئەکات.

١. من تۆم بینی.

لە رستەی(١)دا فرێزی دیارخەریی(تۆ) لە لایەن رەگی کردارەکەوە، کە (بین)ە، دۆخی ئەکوزەتیڤی پێدراوە، لەبەرئەوەی کردارەکە کردارێکی تێپەڕە و ئەم کردارانەش بەپێی بنەماکانی تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێناندا خاوەنی دۆخن و پێویستە بەهۆی فرێزێکەوە لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا دۆخەکەیان بەتاڵ بکرێتەوە.

## روونکردنەوەکانی سەرەوە ئەو بەڵگەیە نیشان ئەدەن، کە:

١.مۆرفیمەکانی(ی،ێ) لە کرداره تێپەڕەکانی زارەکە لەسەر فرێزەکانی رستە نیشانەی ئەرگەتیڤی نین، ئەویش بەو پێیەی بەپێی چەشن و جۆری دۆخەکە فۆڕمیان ناگۆڕێت، بەوەش نابن بە نیشانەی جیاکردنەوەی دۆخ.

٢. هەروەها ئەو بۆچوونانەیشی، کە مۆرفیمەکانی(ی،ێ) بە نیشانەی دۆخی (نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤی) دائەنێن و پێیان وایە، کە بکەری کرداری تێنەپەڕ و بەرکاری کرداری تێپەڕ وەکییەکیان بەهۆی سیستەمی ئەرگەتیڤییەوەیە لە زارەکەدا، لەگەڵ بنەماکانی تیۆرەکەدا پەیکاڵ نیین و هەمبەریی دروست ئەکات.(بڕوانە:پاری دواتر)

٢-ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ژوروودا لە چوارچێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا:

ئەرگەتیڤ وەك بارێکی سینتاکسیی لە بەشێکی زمانەکاندا هەیە ٢٥٪ زمانەکان پەیڕەوی سیستەمی ئەرگەتیڤی ئەکەن.(١٩٧٩Dixon-١٩٩٤ لە coon,Jessica,٢٠١٩: ١)ئەم زمانانەش پێڕەوێکی یەکگرتوویان نییە لە جێبەجێکردنی بنەماکانی سیستەمی ئەرگەتیڤدا، لەمەشەوە ئەرگەتیڤی شەقبوو (split ergative) لە بەشێکی زۆری ئەو زمانانەدا، کە پەیڕەوی سیستەمەکە ئەکەن دەرئەکەوێت. ئەگەرچی ئەرگەتیڤ وەک بنەمایەکی پاساودان (Checking) لە گشت زمانەکاندا پێشبینی هەبوونی ئەکرێت، بەڵام پێواژۆکە کەوتووەتە سەر ئەوەی پاساودانەکە لە زمانەکاندا بەرجەستەیە و بە مۆرفیمێکی ئەرکیی جێبەجێ ئەبێت، یان نابەرجەستەیەوە و نیشانەی نییە. ئەوەی لە زاری کرمانجیی ژورووددا بەدی ئەکرێت، ئەرگەتیڤ بە جۆرێك لە رێککەوتن هەژمار ئەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش ئەرگەتیڤییەکەیان لە جۆری بێنیشانەیە، لەبەرئەوەی وەك دواتر روونئەکرێتەوە زارەکە پەیوەست نییە بەو نۆرمەی، کە لە زمانە ئەرگەتیڤییەکاندا پەیڕەو ئەکرێت، کە تێیدا بکەری کرداری تێنەپەڕ و بەرکاری کرداری تێپەڕ هەمان هەڵسوکەوتیان هەیە، لە بەرامبەردا بکەری کرداری تێپەڕ هەڵسوکەوتی جیاواز ئەنوێنێت. بڕوانە:هێڵکاریی(١-ب)، بەڵکو نواندنی نیشانەکان پەیوەستکراوە بە فرێزی خستنەپاڵی ناویی/دیارخەریی.(بڕوانە: تەوەری دووەم) لە زاری کرمانجیی ژورووددا یەك دەستە مۆرفیمی رێککەوتن هەیە و لەگەڵ دەستەی(ئەز-ئەم) بەهۆی بوونی رێککەوتنی (بەرکار-بکەر)، کە بە ئەرگەتیڤ ناو ئەبرێت.(بڕوانە: محەمەد، شەهرەزاد نایب،٢٠١٦: ٤٢) ئەم دەستە لە تافی رابردووی تێپەڕدا لەگەڵ بەرکار رێککەوتن ئەنوێنن، لە هەموو تافەکانی تردا رێککەوتنی بکەر-کردار ئەنوێنن. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت لە زاری کرمانجیی ژورووددا ئەرگەتیڤی شەقبوو(split ergative) هەیە، ئەم جۆرەش پابەندیی چەند مەرجێکی رێزمانییە لەوانە تافی دروستەکە. (ئەحمەد، مزگین عەبدلرەحمان، ٢٠٠٦: ٣٣) واتا بەهۆی فۆرمەکەوە چەشنی(نۆمینەتیڤی_-ئەکوزەتیڤی،ئەرگەتیڤ-ئەبسۆلەتیڤ) نیشانە ئەکرێت.

ئـەوەش، بریتییــە لــە گۆڕینــی سیســتەمەکە بەهــۆی سیســتەمی دۆخــی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤــی، واتــا لــە هەندێــك دەوروبـەری سینتاکسـییدا سیسـتەمی ئەرگەتیڤـی وەك خـۆی جێبەجـێ ناکرێـت. لـەم جـۆرەدا پێڕەوێکـی یەکگرتـوو نییـە لـە هەمـوو زمانەکانـدا، بەڵکـو بەپێـی تایبەتمەندیـی زمانـەکان جیـاواز ئەبێـت، بـەڵام بـە گشـتیی دەرکەوتنـی ئـەم بـارە سینتاکسـییە لـەو زمانانـەدا بـە گشـتیی بەهـۆی دوو فاکتەرەوەیـە ئەوانیش(سـپلیت ئەسـپێکتAspect Split،سـپلیت فرێـزی ناویـیNoun NP Split)جـۆری یەکەمـی سـپلیت ئەسـپێکت تایبەتکـراوە بـۆ کـرداری رابـردووی تـەواو لـەو زمانانـەدا، کـە پەیـڕەوی ئـەم سیسـتەمە ئەکـەن، جـۆری دووەمیـش تایبەتکـراوە بـۆ هەندێـك لـە فرێـزە ناوییـەکان لەوانە(نـاوە سرووشـتییەکان)، بـەڵام ئـەوەی لـە زاری کرمانجیـی ژوروودا ئەبینرێـت پەیـڕەوی هیـچ یەکێـك لـەو بنەمایانـە نـاکات، فرێـزی خسـتنەپاڵی ناویی/دیارخەریـی لـە هەریـەك لـە جێکەوتەکانـی بکـەر لـە کـرداری تێنەپـەڕ(S)و بـەرکار لـە کـرداری تێپـەڕ (O) فرێـزە پێشـناوییەکان هەمـان نیشـانە(ی،ێ) بەپێـی جێنـدەری فرێـزە ناوییەکـە وەرئەگرێـت.

لە سەر بنەمای روونکردنەوەکەی سەرەوە ئەرگەتیڤ لە کرمانجیی ژوروودا لە هێڵکاریی(٢-اب) ئەخرێتەروو.




هێڵکاریی(٢-ا) تایبەتە بە تافی رابردووی تێپەڕ، (٢-ب) تایبەتە بە تافی رانەبردووی تێپەڕ.

دیارخەرەکانـی (/ی/،/ێ/) ناتوانـن نیشـانەی ئەرگەتیـڤ بـن.(١) لەبەرئـەوەی دەرکەوتنـی ئـەم مۆرفیمانـە لـە فرێـزی خسـتنەپاڵی خاوەنێتـی ناویـی و فرێـزی پێشـناوییدا بنەمـای دروسـتبوونی ئەرگەتیڤـی برینـدار ئـەکات، لەبەرئـەوەی فرێـزی خسـتنەپاڵی ناویـی لـە هەمـوو جێکەوتەکانـی رسـتەدا ئەتوانـن دەربکـەون و ئەرکەکانـی (بکەر،بەرکار،تەواوکـەر) وەربگـرن. وەك لـە نموونـەی(٢) روونئەکرێتـەوە.

٢.-ا-وی پەرتوکا ئازادی ئینا. ئەو کتێبەکەی ئازادی هێنا.

ب- بابێ ئازادی مرد. باوکی ئازاد مرد.

پ-خوشکا شیرینێ من خەلات دکە. خوشکی شیرین من خەڵات ئەکات.

ت-من لیڤار ژ بازاری دیتØ. من لیڤارم لە بازاڕ بینی.

لـە نموونەکانـی(٢ا،ب،پ) فرێـزی خسـتنەپاڵی خاوەنێتیـن و جێکەوتەکانی(بـەرکار) لـە تافـی رابـردووی تێپـەڕ پڕکردووەتـەوە و لـە تافـی رانەبـردوودا جێکەوتـەی بکـەری پڕکردووەتـەوە، بەپێـی بنەمـای ئەرگەتیڤـی شـەقبوو لـە زارەکـەدا ئـەم جێکەوتانـە تایبەتـە بـە دەسـتەی(ئەز-ئەم) ئەگـەر ئـەم نیشـانانە وەك نیشـانەی ئەرگەتیڤـی هەژمـار بکرێـن، ئـەو کات پێویسـتە:

ا- ئـەو پێناسـە گشـتییەی، کـە بـۆ ئەرگەتیـڤ کـراوە گۆڕانـی بـە سـەردا بێـت، لەبەرئـەوەی ئەگـەر وا دابنرێـت کـە ئـەو جێکەوتانـەی (من-مـە) تێیـدا دەرئەکـەون دەسـتەی ئەرگەتیڤـی بـن(٢) ئـەو کات ئەرگەتیـڤ تەنهـا بریتیـی نییـە لـە هەڵسـوکەوتی یەکسـانی بکـەری کـرداری رابـردووی تێپـەڕ و بەرکاریـی رانەبـردووی تێپـەڕ، بەڵکـو لـە هەمـوو ئـەو جێکەوتانـەدا، کـە ئـەم دەسـتەیە دەرئەکـەون ئـەم نیشـانانە ئەبـن بـە نیشـانەی ئەرگەتیـڤ. ئەوانیش فرێـزی

خستنەپاڵی ناویی،فرێزی پێشناویین. بەڵکو ئەکرێت بەو چەشنە دەربرێت، کە هەردوو دەستەی(من-مە)(ئەز-ئەم) بەهۆی شکانەوەوە ئەبن بە نیشانەی ئەرگەتیڤی، بە واتا خودی فۆرمی جێناوەکان بۆ ئەرگەتیڤە.

ب-لە فرێزی پێشناوییدا لەو جێکەوتانەی، کە نا ئارگومێنت-سەربارن ئەم نیشانانە ئەگەر نیشانەی جێندەر نەبن، ئەبێت وەك نیشانەی دۆخ هەژمار بکرێت،(بڕوانە:نموونەی١،ت) ئەوکات زارەکە یەك نیشانە بۆ دۆخی (نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤی) و (ئەرگەتیڤ-ئەبسۆلەتیڤ) ئەبێت(٣).لەمەشەوە ئەو گریمانەیەی، کە بۆ ئەم مۆرفیمانە خراوەتەروو وەك دیارخەری جێندەر بە هێزتر ئەکات. (بڕوانە: فەرەج، تریفە محەمەد،٢٠٢٤) لەبەرئەوەی کەتیگۆریی تەواوکەریی ئەم فرێزە لە فەرهەنگدا بۆ (N) نیشانەکراون لێدراوە، ناوەکانیش لە زارەکەدا بە سەر جێندەردا دابەشبوون دەرکەوتنی نیشانەکان پەیوەست ئەکرێت بەم لایەنەوە.

پ-لە کرداری ناوێزەی هەبوونی خاوەنێتی و ڤیان دەستەی(من-مە) دەبن بە بکەر، لە رابردوو، رانەبردووی تێپەڕ. (ئەحمەد،مزگین عەبدلرەحمان،٢٠٠٦: ٦٢- رەشید،طە رەحیم, ٢٠١٥: ٩٠)

٣.ا-من دوو دەفتەر ڤیان.

ب-من دوو دەفتەر دڤێن.

ت-(/ی/،/ێ/) لەو جێکەوتانەی، کە ئەرگەتیڤی نیشان ئەدەن لە کرمانجیی ژووروودا ئەگەر بە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی پڕ کرابێتنەوە، ئەم مۆرفیمانە دەرناکەون. دەرنەکەوتنی ئەم نیشانانە لە سەر فرێزی ئاوەڵناویی لە جێکەوتەی بکەریی تافی رابردووی تێپەڕ و بەرکار لە تافی رانەبردوو، ئەبێتە مۆتیڤێکی بەهێزی ئەو گریمانانەیە، کە ئاماژە بەوە ئەکات ئەم مۆرفیمانە وەك سەرێکی ئەرکیی فرێزی دیارخەریی-جێندەریی بەرهە ئەهێنن. (بڕوانە:فەرەج،تریفە محەمەد،٢٠٢٤) لەبەرئەوەی ئەرگەتیڤ، بریتییە لە وەکییەکی هەڵسوکەوتی بکەر، لە تافی رابردووی تێپەڕ و بەرکار لە تافی رانەبردوو جیاواز لە بکەر لە تافی رانەبردووی تێپەڕ، رابردوو و رانەبردووی تێنەپەڕ.

٤. ا-قوتابییا زیرەك هات.

ب-قوتابییا زیرەك وانە نڤیسی.

پ-ماموستایێ قوتابیا زیرەك خەڵات دکەØ.

لە نموونەکانی کرمانجیی ژووروودا ئەم یاسایە لەو جێکەوتانەدا، کە بۆ ئەرگەتیڤ نیشانە کراون مۆرفیمەکان لە سەر فرێزی ئاوەڵناویی جێبەجێ نەبووە، ئەمەش دەرخەریی ئەو راستییەیە، کە ئەم مۆرفیمانە تایبەتن بە دەرخستنی جێندەر و وەك دیارخەریی جێندەر ئەچنە سەر فرێزی ناویی.

ئەمەش بە ئاشکرا لەو ئاوەڵناوانەدا ئەبینرێت، کە کەتیگۆرییان ئەگۆڕێت و وەك فرێزی ناویی لە رستەدا ئەنوێنرێن، واتا لە لیڤڵی فەرهەنگیاندا(A٠)ن، بەڵام وەك(NP/DP) لە رستەدا ئەنوێنرێن، بۆیە مۆرفیمەکانی تایبەت بە جێندەر لە سەریان دەرئەکەوێت. بڕوانە: ( رەجەب،سلێمان ئیسماعیل، ٢٠٠٦: ٤٠)

٥.ا-بەژن زراڤ بەژن زراڤ/زارۆکا دەلال AP

ب-زارۆکا دەلال

زراڤ/دەلال (A٠)

٦.ا-زراڤێ بەژن بلند هات.

ب-زراڤا بەژن بلند هات.

پ-دەلالا مالا تویی.

لە نموونەکانی ژمارە(٦)دا لەبەرئەوەی (زراڤێ،زراڤا،دەلالا) وەك فرێزی ناویی لە رستەکاندا بەکارهاتوون، واتا کەتیگۆرییان لە سینتاکسدا گۆڕاوە، لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوە گوازراوەتەوە بۆ پۆلەڕەگەزی ناو ئەمەش هۆکاری دەرکەوتنی دیارخەرەکانی تایبەت بە جێندەرە سەر ئەم فرێزانە.

روونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە روونئەکەنەوە، کە لە زاری کرمانجیی ژوروودا پێڕەوێکی تەواو و یەکگرتووی بۆ ئەرگەتیڤ نییە، بەڵکو ئەرگەتیڤ پەیوەستکراوە بە فرێزە ناوییەکانەوە/دیارخەرییەکان و لەمەشەوە گریمانەی هەژمارنەکردنی زارەکە وەك زارێکی ئەرگەتیڤی (مۆرفیمی) بەهێز ئەکات، ئەوەش لەو روانگەیەوە، کە هەموو ئەو جێکەوتانەی تایبەت نیین بەو دیاردە سینتاکسییە فرێزی خستنەپاڵی ناویی ئەتوانێت نیشانەکانی بنوێنێت و کردەکە بۆ فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویی پێچەوانەوە ئەبێتەوە. لە نیشانەی ئەرگەتیڤیدا تەنها ئاماژە بە فرێزی ناویی تاك دراوە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە (ان) تەنها وەك مۆرفیمی کۆ ئاماژەی پێدراوە. دەرنەکەوتنی ئەم مۆرفیمانە لە کەسی یەکەم و دووەم تاك-کۆ پەیوەستە بەوەی، کە ئەم مۆرفیمانە دیارخەری جێندەرن لەم کەسانەشدا زانیاریی جێندەر نیشانەکراوە و لە خودی جێناوەکاندا هەڵگیراوە، بۆیە نیشانەکردنی لە رێگە مۆرفیمەوە بێ بەها ئەبێت، بەڵام لە کەسی سێیەمدا زانیاریی جێندەر نیشانە نەکراوە و بەهۆی مۆرفیمەکانەوە نیشانەیان لێئەدرێت.

٧.ا-ئازادی سێڤ خوارد.

ب-ئازاد نەسرینێ دبینت.

پ-وی/وێ سێڤ خوارد.

٨.ا-ئازاد وی/وێ دبینت.

ب-وان سێڤ خواردن.

پ- ئازاد وان دبینت.

لەبەرئەوەی چاوگەکانی/ناوەکردارییەکانی ئەم زارە لە رووی جێندەرییەوە وەك ناوی مێ هەژمار کراون، بۆیە لە فرێزی خستنەپاڵییدا ئەم دیارخەرە وەك دیارخەری جێندەر لە سەری دەرئەکەوێت. (رەشید, طە رەحیم،٢٠١٥: ٩٨) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت ئەم دیارخەرانە تایبەتن بە جێندەرو جێندەری رێزمانیی ئەنوێنن، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو جێکەوتانە بە ناوی تایبەتی (سلێمانی،دهۆك،...) پڕ کرابێتەوە ئەم مۆرفیمە لە سەر فرێزەکە دەرناکەون.

٩.ا-ژورا نڤستنێ

ب-کارەساتا مردنێ

پ-من ژورا نڤستنێ چێکرد.

ئەگەر ئەو گریمانەیەش پەسەند بکرێت، کە زارەکە ئەرگەتیڤی بەهۆی مۆرفیمەکانی(/ی/،/ێ/) ئەنوێنێت بە واتای ئەوە دێت، کە ئەرگەتیڤییەکەی لە چەشنی مۆرفۆلۆژیی بە مۆرفیمە، ئەوکات پێویستە یەکێك لە مۆرفیمەکانی (/ی/،/ێ/) وەك مۆرفیمی سەرەکیی و فۆرمەکانی تر بە نیشانەی ئەو فۆرمە هەژمار بکرێت. دەرنەکەوتنی لە کەسی یەکەم و دووەمی تاك-_ کۆ ئەوە دەرئەخات، کە لەم کەسانەدا لە تافی رابردوو-_ رانەبردووی تێپەڕ، پەیڕەوی دۆخی(نۆمینەتیڤ-ئەکوزەتیڤ) ئەکات، کە بەهۆی شکانەوەی فۆرمی جێناوەکانەوە دۆخەکان

دەستنیشان ئەکرێت ئاماژە پێ بدرێت، لە کەسی سێیەم یاخود ناوەکان، کە وەك فرێز ئەنوێنرێن بە ئەرگەتیڤ هەژمار بکرێت، لەبەرئەوە هەڵگریی هیچ نیشانەیەك نیین و ئەمەش لەگەڵ جۆریی ئەرگەتیڤییەکەی، کە زاری کرمانجیی ژووروودا پێئەناسرێتەوە پەیکاڵ نابێت، لەبەرئەوەی وەك لە پێشووتردا ئاماژەی پێدرا لە زاری کرمانجیی ژووروودا سینتاکس پنتی دەرخستن و نواندنی جیاوازیی جێندەرییە، ئەمەش وایکردووە ئەم دیارخەرانە، کە تایبەتن بە نیشانەکردنی جێندەر وەك نیشانەی ئەرگەتیڤی ناو ببەن. ئەو زمانانەی، کە پێڕەوی سیستەمی ئەرگەتیڤی ئەکەن و بە هەمانشێوەی زاری کرمانجیی ژوورو زمانێکی جێندەریین واتا جێندەر لە ناو دروستە زمانییەکانیاندا ئەبینرێت هاوشێوەی زمانی رۆمانی، ئەم زمانە فۆرمی جیاوازیی بۆ نیشانەکردنی جێندەر هەیە، کە بەپێی جێندەریی ناوەکە ئەگۆڕێت، بەڵام نیشانەی ئەرگەتیڤی لە هەردوو جێندەرەکەدا جێگیر و چەسپاوە و جیاوازە لەو نیشانەیەی، کە بۆ جێندەر دانراون. بڕوانە نموونەکانی:(١٠a,b)، کە مۆرفیمەکانی (جێندەر-ناسراویی-ئەرگەتیڤی) لە سەر فرێزە دیارخەرییەکان جیا کردووەتەوە.(بڕوانە: M.Rita Mahzini,...,٢٠١٥: ٢٩٩)

a:I am dat bäiet-i-l-or/ fet-e-l-or-.١٠

b: Pahar-ul- bäiet-i-l-or/ fet-e-l-or

لە نموونەی (١٠)دا مۆرفیمەکان بۆجێندەر(i) بۆ کۆی نێر،(e) بۆ کۆی مێ، (l) بۆ ناسراویی،(or) نیشانەی ئەرگەتیڤییە لە زمانەکەدا، کەواتە ئەمە ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە، کە مۆرفیمەکانی تایبەت بە نیشانەکردنی(ئەرگەتیڤ) جیاوازە لە سیستەمی جێندەریی و لەو زمانانەدا نیشانەی تایبەت بۆ دۆخەکە جیا کراوەتەوە.

هەروەها زمانی(باسك)، کە مۆرفۆلۆژییانە نیشانەی ئەرگەتیڤی بە مۆرفیم هەیە، بەرکار لە کردارە تێپەڕەکان و بکەر لە کردار تێنەپەڕ لە تافی رابردوودا هیچ نیشانەکییان نییە، بەڵام بکەر لە کرداری رابردووی تێپەڕ نیشانەی(k) وەرئەگرێت.(Rill, Justin,٢٠١٧: ٣)

11.-a-ehiztari-a-k- otso-a harrapatu du.

Det-Erg

The hunter has cough the Wolf.

b-otso-a etorri da.

Det

The wolf has arrived.

هەروەها لە زمانی (دێربالی)یشدا مۆرفیمی(guŋ) لە سەر بکەری کرداری رابردووی تێپەڕ، کە تایبەتمەندیی ئەرگەتیڤی تێدایە(Adjent)دەردەکەوێت. ئەگەر فرێزەکە بە (ناو/جێناو)کەسی سێیەم پڕ کرابێتەوە، بەڵام بۆ جێندەر هیچ جیاوازییەك ناکات، فرێزە ناوییەکە نێر بێت یاخود مێ هەمان نیشانەی لە سەر دەرئەکەوێت. بڕوانە: نموونەکانی(Dixon) (١٢ab,١٩٩٤: ١٣٠ لە Jessica ,coon,٢٠١٩: ٩)

12.-a- Numa yabu- ŋgu bura-n

Abs Erg

Mother saw father.

b-ŋana-na ŋuma-ŋgu bura-n

acc Erg

father saw us.

وەك لـە پێشـووتردا ئامـاژەی پێـدرا ئەرگەتیـڤ زیاتـر لـە چوارچێـوەی مینیـماڵ پرۆگرامـدا لێکۆڵراوەتـەوە، کـە وەك قۆناغـی گەشەسـەندویی ئـەم تیۆرییـە بنەمـاو پێـڕەوی تایبەتیـی هەیـە و جیـاواز لـە قۆناغەکانـی سـەرەتای (GB). ئەمـەش وایکـردووە، کـە مۆرفیمەکانـی(ی،ێ) لـە زارەکـەدا و بەپێـی بنەماکانـی تیـۆری بەرهەمهێنـان و لـە ناویشـاندا تیـۆری دۆخ بـە نیشـانەی دۆخ هەژمـار نەکرێـت و کارکردنیـش بەپێـی بنەماکانـی تیۆریەکـە نێـوان دژیـی و هەمبەریـی دروسـت ئـەکات، لـەم سـۆنگەیەوە ئەرگەتیـڤ وەك جێگرەوەیـەك بـۆ زمانـە ئەرگەتیڤییـەکان پەیوەسـتکرا بـە مینیـماڵ پرۆگرامـەوە.

١٣.-وێ پەرتوك نوستØ.

لـە نموونـە(١٣)دا ئەگـەر پێـڕەوی ئەرگەتیـڤ بکرێـت، بنەمـای پاڵێـوەری دۆخ و پێدانـی دۆخ برینـدار ئەکرێـت، چونکـە تـاف دۆخـی بـە بەرکاریـی رسـتە بەخشـیووە. کارکـردن بەپێـی بنەماکانـی مینیـماڵ پرۆگـرام لـەو رووەوە کێشـەدار ئەبێـت بـۆ ئـەو لێکۆڵینەوانـەی، کـە لـە چوارچێـوەی(GB)دا ئەنجـام ئەدرێـن، لەبەرئـەوەی پەیوەسـت بـە بنەماکانـی پرۆژەسـازدان و پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو لـە مینیـماڵ پرۆگرامـدا بـەرکار لـە رسـتەدا کەرەسـتەی دۆخـدەر نییـە، ئەمـەش یەکێکـە لـەو گۆڕانکارییانـەی، کـە لـە(GB)دا کـراوە، چونکـە بەپێـی بنەماکانـی بەرهەمهێنـان (V٠) توخمـی پرۆژەسـازدەرە و وەك سـەری دۆخـدەر جیـا کراوەتـەوە لـە کـرداری تێپـەڕدا دۆخـی ئەکوزەتیڤـی بـە (/ NP DP/AP)ئـەدات، بـەڵام بنەماکانـی ئـەم تیۆرییـە (S)(O) لـە لایـەن (TP) ییـەوە چێکدەکرێـن و شـوێنی (Spec) لـە(TP) ئەگـرن و بەهـۆی (Agr) دۆخەکـە ئەگوازنـەوە. لەبەرئـەوەی(TP) وەك دروسـتەیەکی لێکـدراوە و لـە(Agr) (TP) پێکهاتـووە. (mhammed,fakhir omar,٢٠٠٦: ٧٠-٧٣) لـە تافـی رانەبـردوودا دەسـتەی(ئەز-ئەم) دۆخـی نۆمینەتیڤـی لـە رێگـەی(subAgr) بـۆ جێکەوتـەی بکـەر ئەگوازنـەوە.

١٤.-ا-ئەز تو دبینم.

بـۆ تافـی رابـردووی تێپـەڕ کردەکـە پێچەوانـە ئەبێتـەوە، لەبەرئـەوەی دەسـتەی(ئەز-ئەم)رێککەوتنی بەرکار-کـردار ئەنوێنـن، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوە دێـت، کـە لـە رێگـەی (objAgr) دۆخـی نۆمینەتیڤـی بـۆ جێکەوتـەی بـەرکار بگوازرێتـەوە. بڕوانـە:(umit atlmaz,...,٢٠٢١: ٢)

ب-وێ پەرتوك نویستØ.

لە هەردوو رستەکەدا فرێزەکانی(تو،وێ) بەهۆی تافەوە لە دۆخی ئەرگەتیڤدان.

١٥-ا-ئەز وی دبینم.

NOC/ABS Erg/obl

ب-وی ئەز دیتم.

Erg/obl NOC/ABS

ئـەم بنەمایانـەش لەگـەڵ بنەماکانـی پرۆژەسـازدان و پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو پێچەوانـە ئەبێتـەوە و هەروەهـا

بنەماکانی تیۆری پاڵێوەری دۆخ بریندار ئەکات، چونکە دۆخی ئەکوزەتیڤی هەمیشە لە لایەن (V٠) بەو (NP) ئەدرێت، کە دەسەڵاتی بە سەریدا هەیە. لە زمانە ئەرگەتیڤییەکاندا کرداری تێپەڕ لە تافی رابردوودا ناتوانێت دۆخی ئەکوزەتیڤی بە تەواوکەرەکەی بدات. (مەحویی، محەمەد، ٢٠١٣: ٦) لەبەرئەوە گریمانەکە بەو جۆرەیە، کە(/ی/،/ێ/)دیارخەریی جێندەرن و بەهۆی نەبوونی مۆرفیمی رێککەوتنی(م-مان) لە سەر فرێزەکان دەرئەکەون ئەو بۆشاییە رێزمانییەی زارەکە پڕ ئەکەنەوە. کەواتە ئەتوانرێت بوترێت، زاری کرمانجیی ژوروو زارێکی جێندەرییە و جێندەر بە سەر هەموو توخمە سینتاکسییەکانیدا زاڵە و وەك پێشوتریش ئاماژەی بۆ کرا لەم زارەدا جیاوازییە جێندەرییەکان لە سینتاکسدا ئەنوێنرێت. مۆرفیمەکانی(ی،ێ) ناتوانن بن بە نیشانەی مۆرفۆلۆژیی ئەرگەتیڤ، بەڵکو بەهۆی شکانەوەی جێناوەکانەوە لە فۆرمی سەربەخۆدا ئەرگەتیڤ نیشانە ئەکرێت.

## ئەنجام:

١.-سیستەمی ئەرگەتیڤ لە زاری کرمانجیی ژورووا پەیڕەوی ئەو بنەما جیهانییە ناکات، کە بۆ زمانە ئەرگەتیڤییەکان دانراوە، لەبەرئەوە گریمانەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ئەچن، کە زارەکە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە زارێکی ئەرگەتیڤی نەبێت وەك ئەوەی، کە ئاماژەیان بۆ کردووە، بەڵکو ئەو مۆرفیمانە تایبەت بن بە جێندەر و لە پلەبەندییدا جێندەر لوتکەی نیشانەکان ئەگرێت. بۆیە پێشبینییەکان بەو چەشنەن، کە نیشانەکانی ئەرگەتیڤ لەو زارەدا بە شکانەوە بن.

٢. مۆرفیمەکانی (ی،ێ)سەری ئەرکیین و فرێزی دیارخەریی بەرهەمئەهێنن، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە مۆرفیمەکان لە بناغەدا بۆ حوکمکردن و جیاکردنەوەی جێندەری فرێزە ناوییەکانە ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەرئەبڕێت، کە دۆخی (نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی)(ئەرگەتیڤ)نیشانەی مۆرفۆلۆژیی لە چەشنی مۆرفیم نییە، بەڵکو نیشانەکردنی ئەرگەتیڤییان لە جۆری شکانەوەیە.

پەراوێزەکان:

١-بڕوانە: حاجی،ڤیان سلێمان،٢٠٠٩: ١١٦ و ١١٢٣ ئەم مۆرفیمانە وەك نیشانەی ئەرگەتیڤی هەژمار ئەکات و نیشانەی دۆخی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی بە(Ø)ئاماژە پێئەدات.

ئازادی نامە نڤیسی.

(/ی/) وەك مۆرفیمی جێندەر هەژمار ئەکات و پێی وایە فرێزی ناویی-ئازادی، لە دۆخی ئەرگەتیڤیدایە و بەهۆی مۆرفیمی جێندەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها دانش پژوە،فاطمە-دوستان، غلامحسین کریمی،١٣٩٥، ٥٩ مۆرفیمەکانی/ی،ێ/ لەسەر فرێزی دیارخەریی/ناویی بکەر وەك نیشانەی ئەرگەتیڤ ناو ئەبەن. هەروەها(songul gundogdu: ٢٨٤) بە هەمانشێوە دەستەی(ئەز-ئەم) بە هەڵگریی دۆخی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی ناو ئەبات دەستەی (من-مە)بە ئەرگەتیڤ ئەناسێنێت. هەروەها(ئەحمەد،مزگین عەبدلرەحمان،٢٠٠٦: ٥٠-٥٣، ٨٧-٨٨)دەستەی (من-مە) بە ئەرگەتیڤ هەژمار ئەکات و مۆرفیمەکانی/ی،ێ/وەك نیشانەی بۆ نیشانەی ئەرگەتیڤ(Ø) بۆ دۆخی بکەریی-بەرکاریی جیا ئەکاتەوە. هەروەها(jukil,Ali M.: ٢٦-٢٧) دەستەی(من-مە) بە ئەرگەتیڤ ناو ئەبات و مۆرفیمەکانی/ی،ێ/ بە نیشانەی ئەرگەتیڤ(Ø)بە نیشانەی دۆخی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی هەژمار ئەکات. بە هەمانشێوە (fakhir omar mohammed,٢٠٠٦: ٥٧) ئەم مۆرفیمانە بە نیشانەی ئەرگەتیڤ هەژمار ئەکات.(Ø)بۆ دۆخی نۆمینەتیڤی-ئەکوزەتیڤی دەستنیشان ئەکات.

مەحویی،محەمەد،٢٠١٤: ٤٩-٥٠ مۆرفیمەکانی/ی/،/ێ/ بە نیشانەی دۆخی ئەبسۆلۆتیڤیی هەژمار ئەکات و توێژەر پێی وایە، کە ئەم دوو مۆرفیمە وەك نیشانەی دۆخی ئەبسۆلۆتیڤیی تەنها تایبەتن بە ناو و لەسەر جێناو دەرناکەون. بێگومان ئەم بۆچوونە لەو روانگەیەوە لەگەڵ داتا و نموونەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەمان یەکناگرێتەوە لەبەرئەوەی خودی ئەم مۆفێمانە وەك مۆرفیمی دیارخەریی جێندەریی هەژمار کراون. لە زارەکەشدا لە کەسی سێیەم تاکدا، کە توانا بەکارهێنانی هەیە لە بری ناوە نیشانە نەکراوەکان هەمان نیشانە بەپێی جێندەر وەرئەگرێت.(وی نان خوارØ./وێ نان خوارØ.)لە کەسەکانی یەکەم و دووەمدا زانیاریی جێندەریی لە خودی جێناوەکاندا گەنجکراوە.

٢- بڕوانە: - ümit Atlamaz mark baker,٢٠١٤: ٣

٣- بیشڕوانە:(jukil,Ali mahmood, ٢٦) پاشناوی /را/ وەك نیشانەی دۆخی داتیڤ هەژمار ئەکات.

٤- لە تیۆریی بەرهەمهێناندا(X bar)یەکێك لە جیاوازییەکانی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ، توانای پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤییە بە(DP/NP)بەرکاریی لە لایەن رەگی کرداری تێپەڕ، بە واتایەکی تر کردارە تێپەڕەکان دۆخی ئەکوزەتیڤی بە تەواوکەرەکانیان ئەدەن. بەڵام لە دروستە ئەرگەتیڤییەکاندا (DP/NP)بە پێچەوانەی پێشبینییەکان دۆخی(NomC) وەرئەگرێت، شێوازی نیشاندانی دۆخی(NomC)لەسەر بەرکار لە کرداری رابردووی تێپەڕ(ئەرگەتیڤی) دوو لایەنی تیۆریی لە خۆ ئەگرێت:

-ئەگەر (DP/NP)بەرکاریی دۆخی(NomC)هەبێت لەمەوە ئەوە هەڵئەهێنجێنرێت، کە کرداری رابردووی تێپەڕ هەمبەر بە کرداری رانەبردووی تێپەڕ توانای پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤی نییە. بە واتایەکی تر کرداری رابردووی تێپەڕ کردارێکی بێ بەرکارە. بەو واتایەی کە (DP/NP) بەرکاریی لە ئامادە بوونی کرداری رابردووی تێپەڕ(ئەرگەتیڤی) لە لایەن تافەوە دۆخ وەرئەگرێت.(بڕوانە: کریمی،یادگار،١٣٩١: ٨-٩) ئەم روونکردنەوەیە بەسە بۆ ئەوەی کە بوترێت زمانی کوردیی بەپێی بنەماکانی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زمانێکی(NomC-ACC)یە.

# Ergative in Krmanji Zhuru dialect within the framework of government and binding theory and minimal program


## Abstract:

The research is entitled (Ergative in northern Kurmanji dialect within the framework of government and binding theory and minimal program), which explains the principles of production theory and minimal related to ergative. It is to present the principles of the theory in the dialect. Of course, the ergative as a syntactic and grammatical aspect is an important part of the syntax of languages that have ergative rules. No doubt Kurdish language (Kurmanji dialect), which is the topic of the current study; previously some studies have been written about it and opposite opinions have been presented. From these lenses, the study is an attempt to present this grammatical aspect and presents new perspectives that have been illustrated; hence, the study builds on some questions and hypotheses, which consist of: Are the morphemes (í,é) in the dialect indicative of morphological status? Or are they ergative signs? Since the source of this confusion among linguists is the presence of these morphemes and their appearance on some of the phrases in the

sentence in the dialect. Therefore, the study presents the hypothesis that the morphemes (í,é) are situational morphemes in the dialect. The paper explains that the study of ergative within the framework of production theory, the principles of each of government and binding theory, the principles of both situational theories, and the governor of practical phrases in transitive verb are undermined. The research follows the analytical approach, but in some places other methods, such as comparative, are used to establish the hypothesis and answer the research questions. The paper is divided into two parts. In the first part, according to the principles of production theory, the topic has been presented, and both nominative-accusative and ergative systems are presented too. Then in the second part, the ergative is explained according to the principles of minimalism and the characteristics of ergative languages; in some places, the examples are taken from other languages, including Romanian, Basque, and Derbali, to prove the research hypothesis.

**Keywords: Ergative, Nominative-Accusative, Ergative.**

## الملخص:

يحمل البحث عنوان (الاركاتيف في اللهجة الكرمانجية الشماليه في إطار نظرية التحكم والترابط وبرنامج منيمال ). وبالطبع فإن الاركاتيف كجانب نحوي وقواعدي جزء مهم من قواعد تلك اللغة وقد تم عرض النحو في اللغات التي لها قواعد إعرابية وآراء معاكسة، ومن هذه العدسات تكون الدراسة محاولة لتقديم هذا الجانب النحوي وتقديم وجهات نظر جديدة تم توضيحها (i,é) في اللهجة الدالة على الحالة الصرفية أو هل هي علامات الاكاتيف؟ ولذلك تطرح الدراسة فرضية مفادها أن المورفيمات (í,é) هي مورفيمات ظرفية في اللهجة. كما يوضح البحث أن دراسة موضوع الاكاتيف في إطار نظرية بروداكشن تنال من مبادئ نظريات الموقف والحكم على العبارات اللفظية في الأفعال المتعدية. ويتبع البحث المنهج التحليلي، ولكن في بعض الأماكن يتم استخدام أساليب أخرى، مثل المقارنة، لإثبات الفرضية والإجابة على أسئلة البحث. تنقسم البحث إلى قسمين. في الجزء الأول، وفق مبادئ نظرية بروداكشن، تم عرض الموضوع، كما تم عرض نظامي الرفع والنصب و الاكاتيف. ثم في الجزء الثاني تم شرح الإيجاد وفق مبادئ منيماليزم وخصائص اللغات الإرجالية؛ وفي بعض الأماكن، يتم أخذ الأمثلة من لغات أخرى، بما في ذلك الرومانية والباسكية والدربالية، لإثبات فرضية البحث.

**الكلمات المفتاحية: الاركاتيف، حالة الرفع- حالة النصب، الاركاتيف الانفصال**

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد, مزگین عەبدلرحمان ،٢٠٠٦، دۆخی ئەرگەتیڤی لە زمانی کوردییدا کرمانجیی سەروو، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

رەجەب، سلێمان ئیسماعیل،٢٠٠٦، مۆرفیمێن رێزمانیێن کوردییا سەری-گۆڤەرا بادینان، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆك.

حاجی, ڤیان سلێمان،٢٠٠٩، کەرەستە بەتاڵەکان لە روانگەی دەسەلات و بەستنەوە شێوەزاری کرمانجیی سەروو. ئەکادیمیای کوردی.

رەشـید، طـە رەحیـم، ٢٠١٥، رۆنانـی فرێـز لـە زاری کرمانجیـی ی ناوەڕاسـت و کرمانجیـی ی ژووروودا، نامـەی ماسـتە، زانکـۆی سـلێمانی

فـەرەج، تریفـە محەمەد،٢٠٢٤،مۆدێلـی بەرهەمهێنانـی مۆرفۆسینتاکسـیی لـە زمانـی کوردییـدا، تێـزی دکتـۆرا، زانکـۆی گەرمیـان.

مەحویی،محەمـەد، ٢٠١٣ ، سینتاکسـیی ئەرگەتیڤیی/ئەبسـۆلوتیڤیی کوردیـی لێکۆڵینـەوەی یەکـەم ئەرگەتیڤـی شـەقبووی وەچـەزاری سلێمانی.سـکوڵی زمان/بەشـی کوردیـی. زانکـۆی سـلێمانی.

ـــــــــ،٢٠١٤,پێـڕەوی ئەرگەتیڤـی کوردیی-پەسـنکردن و بەراوردکاریی،سـکوڵی زمان/بەشـی کوردیـی. زانکـۆی سـلێمانی.

C. Jubilado, Rodney,2019, morphosyntax of isamal ergatives movement in ergative structures, conference paper, university of Hawaii at Hilo.

Fakhir Omar Mohammed, 2006, ergative in north Kurdish with reference to English, M.A.university of Mosul.

Coon Jessica, ,2019, split ergativity(is not about ergativity).

Jukil, Ali Mahmood, 2013, Ergative in Kurdish language.

Rill justin,2017, The morphology and syntax of Ergativity A typological approach, PhD.

M.Rita Mahzini-Leonardo M.Savoia,2015, oblique case and indo-european ergativity splits, Bucuresti.

Mark Balker and ümit Atlamaz,2014, the relationship of the case to agreement in split Ergative Kurmanji and Beyond.

Songul gundogdu,2019 Noun-verb complex predicates in Kurmanji Kurdish A sentactic account.

umit Atlmaz-omer Demirok-Metin Bagria,2021, from split ergativity towards accusativity in Heritage kurmanji and Georgian.